ئه‌رشیفی بابه‌ته‌كانی فێرگه‌ی هه‌موو بۆ كوردان

## داڕشتن له‌ PS و ده‌ستكاری كردن له‌ FP.

نووسه‌ر : Aso Naderi

@: Aso.Naderi@Gmail.Com

داڕشتن له‌ PhotoShop و ده‌ستكاری كردن له‌ Frontpage.
به‌كارهێنه‌رانی فۆتۆشۆپ ده‌زانن كه‌ فۆتۆسۆپ پرۆگرامێكی زۆر چاك و ئاسانه‌ بۆ داڕشتنی شێوازی وێبگه‌. به‌ڵام ته‌نیا له‌ به‌شی داڕشتن دا، واته‌ دیزاین.
بۆ ئه‌وه‌ی بتوانرێ به‌سه‌ركه‌وتووانه‌ له‌ فۆتۆسۆپ داڕشتنی وێبگه‌یه‌ك بكرێت، پێویست ده‌كات پاش ده‌ست له‌ HTML Editor ـێك دا هه‌ندێك ده‌ستكاری بكرێت. بۆ نموونه‌ له‌ پرۆگرامی Microsoft Frontpage.
له‌م وانه‌یه‌دا چۆنیه‌تی داڕشتن له‌ فۆتۆشۆپ دا شی ناكه‌مه‌وه‌، به‌ڵكو ته‌نیا چۆنیه‌تی به‌ش كردن و دامه‌زراندنی به‌سته‌ره‌كان شی ده‌كه‌مه‌وه‌ ده‌گه‌ڵ چۆنیه‌تی ده‌ستكاری كردنی ئه‌و داڕشتنه‌ له‌ فرۆنتپه‌یج دا.
ده‌توانی ئه‌م داڕشتنه‌ دابگریت و له‌ فۆتۆشۆپ دا بیكه‌یته‌وه‌..
گه‌ر ده‌ته‌وێ گۆرانكاری تێدا جێبه‌جێ بكه‌یت، جێبه‌جێی بكه‌. پاشان كرته‌ بكه‌ سه‌ر ئایكۆنی گوا ستنه‌وه‌ی كار له‌ فۆتۆشۆپه‌وه‌ بۆ ImageReady.




له‌ ImageReady دا ئامرازی Slice Tool هه‌ڵبژێره‌ بۆ كه‌رت كردنی داڕشتن. كه‌رت كردن له‌هه‌موو داڕشتنه‌كان دا وه‌ك یه‌ك نیه‌، به‌ڵكو جیاوازن و شێوازی داڕشتن بڕیار ده‌دات كه‌ چۆن كه‌رت بكرێت.
له‌ تابلۆی چینه‌كاندا چینی Banner دیاری بكه‌، پاشان به‌ ئامرازی كه‌رت كردن ئه‌و به‌شه‌ كه‌رت بكه‌، واته‌ هێڵێك بكێشه‌ به‌ چوارده‌وری به‌شی سه‌ره‌وه‌دا.




لە تابلۆی Slice دا ئەم هەڵبژاردن و ڕێکخستنانە ڕیک بخە. گەر ئەو تابلۆیە نابینی لە لیستەی Window دا Slice چالاک بکە.
4> شێوازی کەرت، وێنە هەڵبژێرە / Image. چوونکە ئەو بەشە وەک خۆی دەمێنتەوە، گەر بەشێک بێت کە دواتر نووسینی تێدا بنووسرێت چاکتر وایتە کە Table هەڵبژێریت.
5> ناوی وێنە، گرنگ نیە، بەلأم بۆئەوەی دواتر وێنە و کەرتەکە بناسیتەوە دەتوانی ناوێکی بۆ بنووسی.
6> گەر دەتەوێ ببێتە بەستەر و بەستەر بۆ پەڕەیەکی دیکە بکات، لە خانەی URL دا بەستەری ویستراو بنووسە. بە شێوەیەکی ئاسایی هەمووکات بەستەر بۆ پەڕەی سەرەکی وێبگە دەکرێت.
7> شوێنی کردنەوەی بەستەر، بۆ نموونە لە پەنجەرەیەکی نوێدا بکرێتەوە یان لە هەمان پەنجەرەدا.
8> نووسنێک لە کاتی ڕاگرتنی جێ نیشاندەری مشکی کۆمپیوتەر لەسەر ئەو بەستەرە دەرکەوێت! وەک Screen Tips لە لە پرۆگرامی Microsoft Frontpage دا هەیە.
9> نووسینێک کە لە بەشی خوارەوەی ئینتەرنێت دۆزەر دەرکەوێت، لە تووڵی ئاست / Status Bar.
بە هەمان شێواز بەشەکانی دیکە کەرت بکە.




دڵنیا بە کە لەکاتی کەرت کردن دا چینی ئەو بەشەت دەستنیشان کردبێت کە کەرتی دەکەی.
لە داڕشتنی سەرەوە دا بەشی نێوەڕاست دەبێ بە جۆری Table دروست بکرێت، چوونکە لەو بەشەدا دواتر لە Frontpage دووگمەکانی وێبگەی تێدا دەنووسرێت.
بۆ کەرت کردنی بەشی خوارەوە، ئەبێ چینی Background دەستنیشان بکرێت/ 11.
بەو شێوەیە کارەکانی تایبەت بە Photoshop و ImageReady کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەبێ لە پێشدا داڕشتنەکەت بە شێوازی وێبگە پاشەکەوت بکەیت، بۆ ئەو مەبەستەش لە لیستەی File دا Save Optimized As.. کرتە بکە.




پاشان وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە پاشەکەوتی بکە.

----------

دەستکاریکردن لە Frontpage دا.

پەڕگەی index.html کە پاشەکەوتکردنی دارشتنەکە دروست بوو، لە Frontpage دا بیکەوە.

بۆ ئەوەی وێبگەکە بە شێوەیەکی جوانیت دەربکەوێت، دەتوانی دارشتنەکە لە نێوەڕاستی پەڕەی ئینتەرنێت دۆزەردا دەربخەیت. بۆ ئەوە مەبەستەش پاش کردنەوەی index.html لە فرۆنتپەیج دا کرتە بکە سەر Code.



لە كۆتایی ئەم دێڕەدا

```
<table id="Table_01" width="500" height="600" border="0" cellpadding="0" cellspacing="0">
```

ئەم كۆدە زۆر بكە،

`align="center"` واتە پاش زۆركردنی ئەو كۆدە ئەبی دێرەكۆدەكە بەم شێوەیە بێت.

```
<table id="Table_01" width="500" height="600" border="0" cellpadding="0" cellspacing="0" align="center">
```

بگەڕێوە بۆ بینینی ئاسایی واتە Design.
كرتە بكە نێو بەشی نێوەڕاست كە لە وێنەی خوارەوە ڕوونە.




پاشان بیسڕەوە.
پاش ئەو بەشە دەبێ بە Cell. بەلای ڕاستی مشكی كۆمپیوتەر كرتەیەكی لێ بكە، دواتر Cell Peoperties كرتە بكە.




لە تایبەتمەندیەکانی Cell دا Picture Background Use چالاک بکە، پاشان هەمان وێنەی کە لەهەنگاوی پێشوودا سڕیتەوە، هەڵبیبژێرە. لە نێو بوخچەی images ـی دارشتنەکەدایە.
پاشان OK کرتە بکە.
ئێستا دەتوانی ناوی بەستەر و دووگمەکانی وێبگە لەنێو بەشی نێوەڕاست دا بنووسی.




بۆ نووسین لە بەشی خوارەوە وەک بەشی نێوە ڕاست وێنەی نێو Table بسڕەوە و پاشان نووسینەکانت بنووسە.
کۆتایی.
نموونەی ئەم بابەتە.
هیوادارم بەسوود بووبێت.

Nov 2005 07

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت